لە بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# مەرجەکانی باڵاپۆشی لە ئیسلامدا

وەرگێڕانی

دایکی سوننە

پێداچوونەوەی

مامۆستا عدنان بارام

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾

الأحزاب:

أَمَّا بَعْدُ...فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ وَأَحْسَنَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ(ﷺ) وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ.[١]

**أما بعد :**

خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾[١٩] .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە خێزان و کچەکانت و ئافرەتی بڕواداران بڵێ با جلبابەکانیان ( جلبابیش : واتە : عابا) بدەن بە خۆیاندا ، ئەوەش نزیك ترە بۆ ئەوەی کە بە ڕەوشت بەرز و بە حەیا و حیشمت و قورس و سەنگینی بناسرێنەوە ، تا ئەزیەت و ئازار نەدرێن ، پەروەردگاری تۆش لێبووردە و میهرەبانە .

---

[١] ئەم پێشەکیە پێی دەوترێت(خطبة الحاجة)کەپێغەمبەری خوا(ﷺ)لەدەست پێکی وتارو ئامۆژگاریەکانیدا بەردەوام دەیخوێندو هاوەڵە خۆشەویستەکانیشی(رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ) فێر دەکرد.

[١٩] ( سورة الأحزاب : ٥٩ ) .

**خوشكەكەم :** بزانە كە خوای بڵند و باڵا دەست پلە و پایەیەكی بەرزی بۆ ئافرەتان داناوە ، هەر بۆ ئەوەشە كە فرمان پێكدنی بە پۆشاكی شەرعی وە خۆداپۆشین ڕێز لێنان ، و پلە بەرزی یە بۆ ئافرەتان ، وە پارێزەریشە بۆی بۆ ئەوەی نەبێت بە كالایەكی بێ نرخ هەریەكە بە وویستی خۆی هەرچۆنێك و هەر كاتێك بیەوێت تەماشای بكات ، وە بۆ ئەوەی ئەم پۆشاكە بێتە هۆكارێك بۆ دەست درێژی نەكردنە سەری ، ڕێگر بێت لە هاندانی گەنجان بۆ خۆی .

جا بۆ ئەوەی ئەو پۆشاكە پۆشاكێكی شەرعی بێت ، هەروەكو چۆن خوای گەورە ، و پێغەمبەرەكەی ﷺ فەرمانیان پێكردووە ، دەبێت چەند مەرجێكی شەرعی پێویستی تێدا بێت ، لەوانە :

**١ / دا پۆشەری هەموو لەش بێت ، دەست و ڕوومەت نەبێت** [٢٠] **:** هەر چەند دابپۆشینی ئەو دووانەش باشتر و تەواوتر و چاكترە ، لە بەر هەموو ئەو

---

[٢٠] بەلام سەبارەت بە پێكانی ئافرەت بەهەمان شێوە بە عەورەت دەژمێردرێن ، و پێویستە دابپۆشرێن ، داپۆشینیشیان بە گۆرەوەی بەس نیيە ، با گورەویەكانیش ئەستور بن ، چونكە قەبارەی پێكان دەردەخەن ، بۆیە دەبینین كە پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێ كرا سەبارەت بە دامێنە ، و پالدمی ئافرەتان ؟ فەرمووی : " يرخين شبراً " ، واتە : با بستێك شۆڕی بكەنەوە ، ( أم سلمة ) ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ فەرمووی

بەڵگانەی کە لەو بارەیەوە هاتوون ، و ئەو داپۆشینەشە کە کاری ئافرەتانی پێشینی لە سەر بووە ـ خوایان لێ ڕازی بێت ـ ، وە لە سەروی ئەوانیشەوە خێزانە پاك بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، خوایان لێ ڕازی بێت .

٢ / **نابێت پۆشاکەکە بۆ ناوبانگ ، و شۆرەت بێت** : واتە نابێت مەبەستی لە داپۆشینەکەی ئەوەبێت کە سەرنج و دیدی خەڵك بۆ لای خۆی ڕابکێشێت ، ئەویش خۆی لێ بایی بێت و موعجیب بێت بەخۆی و بەسەریاندا فیز زلی لێبدات ، و فیزیان بە سەردا بکات ، با پۆشاکەکەشی پینەکراویش بێت ، مادامە مەبەستی پێی ناوبانگ ، و ناودەرکردن بێت لە ناو خەڵکدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " مَن لَبِسَ ثَوبَ شُهْرَةٍ في الدنيا ، ألبَسَهُ اللهُ ثوبَ مذلَّةٍ يوم القيامة ، ثم أُلهبَ فِيه ناراً " [٢١]

واتە : هەرکەسێك لە دونیادا پۆشاکی شۆرەت و ناوبانگی بپۆشێت ، ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا پۆشاکە سەر شۆڕی و زەلیلی دەکاتە بە ، پاشان گڕ و بڵێسەی تێ بەر دەدرێت .

---

: کەواتە پێکانیان دەر دەکەوێت ؟! ئەویش فەرمووی : " فيرخينه ذراعاً ، لا يزدن عليه " ، واتە : با باڵێك درێژی بکەنەوە ، و لەوەش زیاتری نەکەنەوە ( سلسلة الأحاديث الصحيحة : ١٨٦٤ ) .

[٢١] حسنه العلامة الألباني في : ( صحيح سنن ابن ماجه : ٢ / ١١٩٢، برقم : ٣٦٠٧ ) ، و ( صحيح الترغيب والترهيب : ٢ ، برقم : ٢٠٨٩ ) ، **وە بڕوانە** : ( جلباب المرأة المسلمة : ٢١٣ ) .

**٣ / ئەبێت ئەستوور بێت و ناسك نەبێت ، بە شێوەیەك ڕەنگی پێست دەرنەخات :** ئەوەش لە بەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ : " سيكونُ في آخرِ أمتي نساءٌ كاسياتٌ عارياتٌ ، على رؤوسهنَّ كأسنِمَةِ البُخت ، العنوهنَّ فإنهنَّ ملعونات " (٢٢) .

واتە : كۆمەڵە ئافرەتێك ـ لە كۆتایی ئوممەتەكەم ـ دەردەكەون داپۆشراو ، و ڕووتن ، پرچیان بە شێوەیەك بە سەر سەریانەوە دەبەستن وەكو بان پشتی ووشتر وایە ، نەفرەتیان لێ بكەن ئەوانە نەفرەت لێكراون .

قال العلماء : (( أراد ﷺ النساء اللواتي يلبسن من الثياب الشيء الخفيف ، الذي يصف ولا يستر ، فهنَّ كاسيات بالإسم ، عاريات في الحقيقة )) (٢٣) .

واتە : زانایان فەرمویانە : مەبەستی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ئافرەتانەیە كە جل و بەرگی ناسك دەكەنە بەر ئەو جۆرە پۆشاكانە لە

---

(٢٢) صححه العلامة الألباني في : ( السلسلة الصحيحة ٦ : ٤١١ ، برقم : ٢٦٨٣ ) ، **وە بڕوانە :** ( جلباب المرأة المسلمة : ١٢٥ ) .

(٢٣) ( جلباب المرأة المسلمة : ١٢٧ ) .

ڕاستیدا لەشیان دەردەخات ، نەك ئەوەی كە دایان بپۆشێت ، ئەو جۆرە ئافرەتانە بە ناو داپۆشراون ، کەچی لە ڕاستیدا ڕووتن .

وە کاتێك کە ( **منذر** ) ی کوڕی ( **زبیر** ) لە عێراق گەڕایەوە جل و بەرگێکی ( **مرويَّة** [٢٤] ، **و قوهية** [٢٥] ) ، نارد بۆ ( **أسماء** ) ی کچی ( **أبو بكر** ) ، کە پۆشاکێکی ناسك بوو ، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە ( **أسماء** ) چاوەکانی لە دەست دابوو ، واتە : نابینا بوو : ڕاوی دەڵێت : کە ( **أسماء** ) دەستی دا بە پۆشاکەکەوە ، فەرمووی : ئوف بۆ ئەم جل و بەرگە ، جل و بەرگەکەی بۆ بگەڕێننەوە ، ( **منذر** ) یش ئەوەی زۆر لەلا گەورە و گران بوو ، بۆیە فەرمووی : ئەی دایکی بەڕێزم ئەوە تەنك نیيە بۆ ئەوەی لەش دەربخات ، ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : ئەگەر لەشی تێدا دەرنەکەوێت ، خۆ قەبارەی لەش دەردەخات [٢٦] .

/ **دەبێت فراوان بێت و تەنگ نەبێت** : واتە : **بە شێوەیەك بێت قەبارەی ئەندامەکان دەرنەخات** : لە ( **أسامة** ) ی کوڕی ( **زيد** )ەوە - خوا

---

[٢٤] **مَرويّة** : پۆشاکێکی ناودارە لە (العراق) نیسبەتە بۆ (مرو) ، کە لادێیەکە سەر بە (کوفة) یە.

[٢٥] **قَوهيّة** : پۆشاکێکە لە (قوهستان) دا درووست دەکرێت ، کە ناوچەیەکە لە (خُراسان) .

[٢٦] صححه العلامة الألباني في : ( جلباب المرأة المسلمة : ١٠٧ ) .

لە خۆی و باوکیشی ڕازی بێت ـ دەفەرمووێت : پێغەمبەری خوا ﷺ جلێکی (**قبطي**[٢٧]) پێ بەخشیم کە ئەویش ( **دحية الكلبي** ) پێی بەخشی بوو ، منیش دام بە خێزانەکەم بۆ ئەوەی بیپۆشێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم : " مالك لم تلبس القبطية ؟ " ، واتە : ئەوە بۆ جلە (**قبطية**) کە لە بەر ناکەیت ؟ منیش پێم ووت : داومە بە خێزانەکەم لە بەری بکات ، ئەویش فەرمووی : " مُرها فلتجعل تحتها غلالة (٢٨) ، فإني أخاف أن تصف حجم عظامها " (٢٩) ، واتە : کە ڕۆشتیتەوە فرمانی پێ بکە بەوەی کە شتێکی تری بە ژێردا بپۆشێت ، چونکە لەوە دەترسم قەبارەی ئەندامەکانی لەشی دەربخات .

٥ / **نابێ بخورکراو و بۆن خۆش کراو بێت :** ئەوەش لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ تێیدا فەرموویەتی : " أيما امرأة استعطرت ، فمرت على قوم ، ليجدوا من ريحها ، فهي زانية "(٣٠) .

---

(٢٧) **القبطية** : جۆرە پۆشاك و جلێکی میسری ، تەنك و سپی یە .

(٢٨) **غلالة** : پۆشاکێکە لە ژێرەوەی پۆشاکەکانی تردا دەپۆشرێت ، بۆ ئەوەی قەبارەی لەشی ئافرەت دەرنەکەوێت .

(٢٩) حسنه العلامة الألباني في : ( جلباب المرأة المسلمة : ١٣١ ) ، وقال : الحديث إسناده حسن ، وهو من رواية أسامة بن زيد ، وأخرجه أحمد والبيهقي .

(٣٠) حسنه العلامة الألباني في : ( صحيح سنن النسائي : ٥١٢٦ ) ، و ( صحيح وضعيف الجامع : ٢٧٠١ ) ، و ( صحيح الترغيب والترهيب : ٢٠١٩ ) ، **وە بڕوانە :** ( جلباب المرأة المسلمة : ١٣٧ ) .

واتە : هەر ئافرەتێك خۆی بۆنخۆش كرد ، و پاشان لـە مـاڵ ڕۆشـتە دەرەوە ، و بەلای كۆمەڵێكدا تێپەڕ بوو و بـۆنی چـوبە سـەریاندا ، ئـەوە وەكو ئەوە وایە ئەو ئافرەتە داوێن پیسی كرد بێت .

**٦ / نابێت پۆشاكەكەی لە سەر شێوازی جل و بەرگی پیاوان بێـت :**

لـە (**أبــو هريــرة**) ەوە ﵁ دەگێڕنـەوە كـە لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت :

" لعن رسول الله ﷺ الرجل يلبس لبسة المرأة والمرأة تلبس لبسة الرجل "(٣١) .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی كردووە لەو پیاوەی كـە جـل و بەرگی ئافرەتان لە بـەر دەكـەن ، و ئـەو ئافرەتانـەش كـە جـل و بـەرگی پیاوان لەبەر دەكەن (٣٢) .

---

(٣١) صححه العلامة الألباني في : ( صحيح سنن أبي داود : ٤٠٩٨ ) ، و ( صحيح الترغيب والترهيب : ٢٠٦٩ ) ، وە بڕوانە : ( جلباب المرأة المسلمة : ١٤١ ) .

(٣٢) وەك : پانتۆڵ ، هیچ جیاوازیش نیيە لەوەی كە پانتۆڵەكە ئاشكرا بێت یان لە ژێرەوەی پۆشاكی مـانتۆدا بێت ، مانتۆكە كورت بێت یان درێژ ، لە ماڵەوە بێت بۆ مێردەكەی یـان لـە دەرەوە لـە پـێش چـاوی خـەڵك ، چونكە جلێكی تایبەتە بە پیاوانەوە ، نابێت ئافرەتان بیپۆشن ، یان هەر پۆشاكێكی تایبەتی تر بە پیاوان كە ئافرەتان دەیپۆشن ( **مامۆستا عدنان** ) .

٧ / **نابێت پۆشاكەكەی لە سەر شێوازی جل و بەرگی ئافرەتانی بێباوەڕ بێت :** لە ( **عبدالله** ) ی كوڕی ( **عمر** )ەوە دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ دوو جلی ( **معصفر** [٣٣] ) ی لە بەردا بینی ، و فەرمووی : " إن هذه من ثياب الكفار فلا تلبسها " (٣٤) ، واتە : ئەم جلانە جلی بێباوەڕانە مەیان پۆشە .

٨ / **نابێت خۆی لە خۆیدا ڕازاوەیی ، و جوانی تێدا بێت :** لە بەر فەرموودەی خوای گەورە كە دەفەرمووێت : ﴿ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ ﴾ [٣٥] ، واتە : با ئافرەتان جوانیەكانیان دەرنەخەن ، وە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى ﴾ [٣٦] ، واتە : لە ماڵەكانتان بمێننەوە و لەكاتی دەرچوونتاندا خۆتان ڕووت نەكەنەوە ، هەروەك چۆن ئافرەتان لە سەردەمی نەفامیدا خۆیان ڕووت دەكردەوە .

---

[٣٣] **المُعَصْفَر** : ئەو پۆشاكەیە كە بە ڕووەكی ( عَصْفَر ) ڕەنگ دەكرێت ، كە ڕەنگێكی سوری زۆر تۆخی لێ دەردەكرێت .

[٣٤] ( مسلم : ٢٠٧٧ ، و ٢٧ ) .

[٣٥] ( سورة النور : ٣١ ) .

[٣٦] ( سورة الأحزاب : ٣٣ ) .

وە لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە تێیدا دەفەرمووێت : " ثلاثة لا تسأل عنهم . وذكر منهم . : ... وامرأة غاب عنها زوجها ، قد كفاها مؤونة الدنيا ، فتبرجت بعده ... " (٣٧) .

واتە : سێ جۆر كەس هەن ـ لە گەورەیی تاوانیان ـ سەبارەتیان هیچ پرسیارێك مەكە : یەكێك لەوانەی كەباسی كردووە : ئافرەتێكە پیاوەكەی لە لا نەبێت ، بژێوی ڕۆژانەشی بۆ دابین كرد بێت ، و بەجێ هێشتوو بێت ، كەچی ئەو لە پاش ئەو خۆی بڕازێنێتەوە ، و جوانیەكانی خۆی دەربخات .

وە هەروەها لە بەر ئەم فەرموودەیەش كە پێغەمبەری خوا ﷺ تێدا فەرموویەتی : " وشر نسائكم المتبرجات المتخيلات ، وهن المنافقات ، لا يدخل الجنة منهن إلا مثل الغراب الأعصم " (٣٨) .

واتە : خراپترینی ئافرەتەكانتان ئەو ئافرەتانەن كە جوانیەكانی خۆیان دەردەخەن ، و خۆ دەڕازێننەوە ، و لە خۆ ڕازین و فیز تەكەبر دەكەن بە سەر ئافرەتانی تردا ، بەڕاستی ئەوانە خۆ دەشوبهێنن بە دوو ڕووان ، هیچ یەكێك لەوانە ناڕواتە بەهەشتەوە ، ئیللا وەكو قەڵە بازەڵە نەبێت ( كە

---

(٣٧) صححه العلامة الألباني في : ( الصحيحة : برقم : ٥٤٢ ) .

(٣٨) صححه العلامة الألباني في : ( الصحيحة ، برقم : ١٨٤٩ ) .

جۆرێکە لە قەڵە ڕەش باڵەکانی یان پێکانی سپین ) ، هێنانەوەی ئەم شێوەیە لە قەڵە ڕەش بە نموونە بە هۆی کەمیانەوەیە ، بۆ ئاماژە کردنە بە کەمی ئەو ئافرەتانەی کە دەڕۆنە بەهەشتەوە .

ئا ئەمەیە مەرجەکانی پۆشاکی شەرعی تەواو کە پۆشاکەکەت دەکەن بە پۆشاکێکی شەرعی ، ئەو پۆشاکەی بە پۆشینی گوێڕایەڵی خۆت دەر دەبڕیت بۆ خوای گەورە ، هەر ئەوەشە کە بە پۆشینی پارێزراو دەبیت لەو گورگانەی کە ئەیانەوێت تۆ دەرکەویت ، و بە ئارەزووی خۆیان بە تۆ ڕابوێرن .

**خوشکەکەم :** ئەگەر تۆ ئەم داواکاریە تەواو و تێرو تەسەلەی پەروەردگارت لە ڕواڵەتدا بە دی هێنا ، بە تەواوی و شکۆداری و بە لەسەر خۆی ، و هەیبەتەوە ، و لە هەموو جموجوڵتدا ، ئەوا ڕووناکی یە لە سەر ڕووناکی ، بێگومان ڕوواڵەتیش بە تەنها بەس نیە بە بێ ناوەڕۆك ، بۆیە ئافرەتان فەرمان پێکراون بە پاراستنی هەموو جموجوڵێکیان ، لە گەڵ پاراستنی چاو و زمانیان ، هەروەها چاودێری کاری عەقڵ و دەروونی خۆی بێت ، و زاڵیش بێت بە سەریدا ، و زیاتر شەرم و حەیای پێوە دیار بێت ، و کەمیش بدوێت ،

خـوای گـەورە فەرمویـەتی : ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ (٣٩) .

واتە : بە ئافرەتـانی بـڕوادار بڵـێ کـە چـاویان لـە تەماشـاکردنی حـەرام بپارێزن ، داوێنیشیان بپارێزن لە داوێن پیسی ، جوانیەکانیشـیان دەرنەخـەن ، جگە لەوەی نەبێت کە بەبێ دەسەڵاتی ئەوان دەردەکەوێت .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

---

(٣٩) ( سورة النور : ٣١ ) .